ئەم بابەتە لە بەرواری 2014/07/19 لە لایەن م.محمدرافع لە شاری هەولێر گوتراوەتەوە و لەلایەن دۆستان و قوتابییەکانی نووسراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە.

**ئایا دەشێت وەك هەر کەسێکی ئاسایی ناوی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)**

**بنووسرێت (محمد) بە تەنیا؟ ئەوەی وا بینووسێت مانای چییە؟**

**خودای ڕەحمان(ﷻ) خۆی لە لایەنی پێغەمبەرەکەی دادەنێت و**

**گشت مەخلوقاتیشی لە لایەکی دی داناوە؟**

**ئایا هیچ پێغەمبەرێك هەیە خودای ڕەحمان بڕیاربدات بە مەزنایەتی خۆی وەك پەروەردگاری جیهانییان ڕاستەخۆ هاتۆتە نێو بابەتەکە، و(بەبێ وێکچوواندن) بۆتە پارێزەرو بەرگریلێکەری کەسییانە لۆ پێغەمبەرەکەی؟**

**ئەو کەسەی خودای ڕەحمان و پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) ئازار دەدات سزای چییە؟ ئایا ئازاردانی خودای مەزن چۆن ئەنجام دەدرێت؟ جیاوازی (أذية) و (عذاب) چییە؟ لە چ کاتێك ئازاردانێکی پڕ لە سوکایەتی دادەبەزێت؟ ئایا ئەو پێغەمبەرە کێ بوو کە خودای ڕەحمان تاکە جار بۆی فەرمووە تۆ وەر لایەك و بێ باوەڕان بۆمن جێبهێڵە؟**

**کاتێك قەبوڵکردن و قەبوڵنەکردنی فەرمانی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەبێتە پێوەر**

**ئایا خودای ڕەحمان ئیمان پەیوەست دەکات بە قەبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی حوکمی هیچ یەك لە پێغەمبەران(علیهم السلام)؟ وشەی (قضاء و حکم) جیاوازی چییە و ئەگەر پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) قەزاوەتێك بکات ڕەتکردنەوەی پەیوەندی بە بوون یان نەمانی ئیمانەوە چییە؟ (قضاء)کردن لە نێوان خەڵك چۆنە و خودای ڕەحمان بە چ میکانزمێك ئەنجامی دەدات؟**

**ئایا فەزڵی پێغەمبەرمان خودای ڕەحمان پەیوەستی کردووە بە خۆی(ﷻ)؟ و ئایا فەزڵی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) بەسەرمانەوە لە چییە؟**

**ئایا دەبێ سەرلە نوێ بەرنامەڕێژکردنەوەی فەضلەکان کێ بیکات و ئیماندارانیش لە کێی وەریبگرن؟ دایکانی ئیمانداران چۆن بوون بە (محسنات)؟ (قنوت)بردن لە دوای خودای ڕەحمان ئایا ئاراستەی کێ دەکرێت؟**

**جیاوازی کردن لە نێوان خود و کەس(الذات) و (الشخص)ی پێغەمبەر چی دەگەیەنێت؟**

**کۆنگرە ئەسمانییەکە.. تاوتوێی چی کرد و بڕیاری چی لێدرا**

**و دان بە چی نرا و کێ بوو گەواهیدەر لەسەری؟**

**پێغەمبەرایەتی و پەیامبەرایەتیکردن لە دوای کۆنگرە ئاسامانییەکە بەرەو کوێ؟**

باسی ئەوەمان کرد کەوا هەموو (سیرەکان) (السير) هەمووی لە ژیاننامەی پێغەمبەرەوە دەست پێ دەکات (لە... لە دایك بوو، لە... کۆچی دوایی کرد) ئەمە مانای چەمکی سیرەیە، لە فلانە ساڵ و فلانە مانگ و لە فلانە ڕۆژ و لە فلانە کاتژمێر پێغەمبەرمان لە دایك بوو، لە فلانە ساڵ و فلانە مانگ و لە فلانە ڕۆژ و لە فلانە کاتژمێر کۆچی دوایی کرد، سیرە هەمووی بەم جۆرە خراوەتە ڕوو! ئەمە بەدرێژایی مێژوو وا کراوە، بەڵام ئێمە چیمان گوت؟ گوتمان پێغەمبەرمان، دوو جۆر لە دایکبوونی هەیە ئەوانیش:

1- لەدایکبوونی بەشەریی.

2- لە دایکبوونی پێغەمبەرییانە.

ئەگەر بێین باسی لەدایکبوونی بەشەرییانەی پێغەمبەر بکەین، ئەو کاتی پێغەمبەرمان ئەوەی لەسەر جێبەجێ دەبێت، بەڵام ئێمە باسی پێغەمبەرایەتی (النبوة) پێغەمبەر دەکەین نەك بەشەرییەتی، وەکو پێغەمبەر تەماشای پێغەمبەرمان کردووە، کەواتە لەدایك بوونی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) وەکو پێغەمبەرێك، پێشی ئادەمە (کنت نبیا و آدم بین الماء و الطین)، کەواتە لەدایکبوونی لەو ساتە دەست پێدەکات، لەوەی یەکەمیان لە دایکبوونی بەشەرییانەیتی واتە (لەدایکبوونی محمد)، بەڵام هەرچی دووەمە لەدایکبوونی پێغەمبەرییانە(النبوي)یە، جیاوازی بکەن لە نێوان بوونی پێغەمبەر وەك

بەشەرێك و بوونی وەك پێغەمبەر (النبوة)، لەم ئایەتە باسی دەكات (قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ) وچانێکی کەم هەیە و یەکسەر بەشەریبوونەکەی دەگوازرێتەوە (یُوحَى إِلَيَّ أَنَّمَا إِلَهُكُمْ إِلَهٌ وَاحِدٌ)(الكهف110)، ئەو کاتە بەشەریبوونەکەی ئەو کاتە دەگۆرێت، دەچێتە نێو ڕەهەندی پێغەمبەرایەتی (البعد النبوي)، (كنت نبيا و آدم بين الماء و الطين)، کەواتە لە دایکبوونی پێغەمبەر(النبي) سەردەمانێك بووە کە هێشتا ئادەم بوونی نەبووە، ئەوە لە دایکبوونە ڕاستەقینەکەی پێغەمبەرمانە، لە حاڵەتی یەکەم پێغەمبەرمان کۆچی دوایی (وفاة) دەكات لە دوای (63) ساڵ بە ڕەهەندە بەشەرییەکەی، بەڵام پێغەمبەرمان دەمێنێتەوە (باقي)یە وەکو پێغەمبەر(نبي) وەکو پەیامبەر(رسول) تا ڕۆژیی دوایی، جا لۆیە ڕێگەکانی سیرەی ئێمە و چوونە خزمەت پێغەمبەری، ئێمە لە ڕەهەندی دووەم چووینەتە نێویەوە، لۆیە کە دەستمان پێکرد بە ڕەهەندی پێغەمبەریانە (نبوي)، هەر لە ئادەم پێدا هاتین بە ڕیزبەندیی جۆری، تاکو خودی خۆی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات)، ئینجا هەستاین پێوانەکاریمان کرد، لۆ نموونە لە ڕەهەندی نزا (دعاء)، هەر پێغەمبەرێك چۆن دوعای کردووە؟ و پێغەمبەری ئێمە چۆن دوعای کردووە؟ مەبەست لێرە چی بووە؟ مەبەستەکە ئەوە بووە کەوا چۆن بتوانین زیندوێتی پەیوەندی یان ڕوونیی (شفافية)ی پەیوەندی جۆری نێوان پێغەمبەران لەگەڵ نەتەوەی خۆیان بە بەراوورد لەگەڵ پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) و نەتەوەی خۆی ببینین چۆنە؟ هەر پێغەمبەرێك لەگەڵ نەتەوەی خۆی کۆشش و کاتی سەرف کردبوو، جا هەر پێغەمبەرێك بە گوێرەی ئەو کۆشش و کاتەی سەرفی کردووە لەگەڵ نەتەوەی خۆی ئەویشی کردۆتە پێوەر لە ڕێگەی مامەڵە کردن، جا هەرهەموو پێوەرەکانمان لەسەر ئەمە بووە، پێغەمبەران و پەیامبەران لەگەڵ نەتەوەکانیان ماندووبوونە، تەمەنیان سەرف کردووە، و ئەزیەتیان خواردووە، و ناڵەیان بینیوە لەگەڵیان، ئەمە لە لایەك، بە هەمان شێوە پێغەمبەری ئێمەش ناڵەی چەشتووە، ئەزیەتی بینیوە، کاتی سەرف کردووە، کە هاتووین تەماشامان کردووە پێغەمبەرەکان لە کانگەی ناخی خۆیان چ ئازار و ناڵەیەکیان بینیبێت هەر ئەوەشیان کردۆتە پێوەر لەگەڵ نەتەوەکەیان، بەڵام پێغەمبەری ئێمە هەردەم لە ڕەهەندی ڕەحمەتەوە، ڕەهەندێك کە ببێتە هۆکاری خێر لۆیان، ئینجا نموونەمان بە دووڕوو و هاوەڵدانەر هێنایەوە، پاشان باسی ئیماندارانمان کرد، بابەتەکە زانستییە و وردە، و یەکەم جاریشە کەوا سیرە بەم جۆرە دەخرێتە ڕوو، لە ڕەهەندی قورئانیی بەراوردکاریی دەکەین لەنێوان پێغەمبەران (أنبياء)(علیهم السلام) لەگەڵ پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات)، جا لەلام گرنگە ئێوە مێشك و بیر (فؤاد و الذهن)تان لێرە بێت، ئەمانە هەمووی کە ئەم بابەتانە لەخزمەتتان باس دەکەم، هەر ئەمانەش دەبنە باکگڕاوند لۆ ناساندنی ڕاستەقینەیی پێغەمبەرایەتی(نبوة)ی پێغەمبەرمان، جا لێرە پرسیارێکتان لێ دەکەم ئەگەر لەگەڵ من ورد بن؟ کاتێك لەسەر تەختە ڕەشەکە بنووسم (ﷴ) بە تەنیایی! ئایا ئەمە ڕێپێدراو(جائز)ە؟

لە وەڵامدا نەخێر، هۆکارەکەش لەم ئایەتە دەردەکەوێت"(لَا تَجْعَلُوا دُعَاء الرَّسُولِ بَيْنَكُمْ كَدُعَاء بَعْضِكُم بَعْضاً قَدْ يَعْلَمُ اللَّهُ الَّذِينَ يَتَسَلَّلُونَ مِنكُمْ لِوَاذاً فَلْيَحْذَرِ الَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنْ أَمْرِهِ أَن تُصِيبَهُمْ فِتْنَةٌ أَوْ يُصِيبَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)(النور63)، لۆیە لە هەر تەفسیرێك و لە هەر ڕاڤەکردنێك کە (یا ﷴ)تان بینی ئەوا کابرا پێغەمبەری نەناسیوە بەم شێوەیەی کە پێویستە بیناسێت، لەمە دڵنیا بن.

**خودای ڕەحمان(ﷻ) خۆی لە لایەنی پێغەمبەرەکەی دادەنێت و**

**گشت مەخلوقاتیشی لە لایەکی دی داناوە؟**

بابەتی ئەمڕۆمان دیسان هەمان ڕیزبەندییە، باسی بە کانگاییبوون (صميمية)ی پەیوەندی خودای(ﷻ) لەگەڵ پێغەمبەرمان، لۆ زانین پێغەمبەران هەموویان پەیوەندییان لەگەڵ پێغەمبەرمان زۆر پتەو و بەهێز بووە، و زۆر ڕوون بووە، وەرگرتن و دانی پێغەمبەران لەگەڵ پێغەمبەرمان لە لوتکە بووە، بەڵام ئایا چ کاتێك بە کردارییانە خودای ڕەحمان(ﷻ) خۆی لە لایەنی پێغەمبەرەکەی دانابێت و گشت مەخلوقاتیشی لە لایەکی دی داناوە؟ زۆر کەم و زۆر ناوازە ئەم حاڵەتە هەیە، جا چ لە ڕەهەندی ئەرێنییانە یاخود لە ڕەهەندی نەرێنییانە، لۆ نموونە بڵێین پێغەمبەرەکەی بە ناڵە بوو لەدەست نەتەوەکەی، کێشەی هەبوو، ستەمی لێکراوە، زۆری لێکراوە، ئایا بە کردارییانە خودای ڕەحمان چۆتە نێو هاوکێشەکە؟ ئایا پەروەردگاری جیهانییان ڕاستەخۆ هاتۆتە نێو بابەتەکە، (بەبێ وێکچوواندن) بۆتە پارێزەری بەرگریلێکەری کەسییانە لۆ پێغەمبەرەکەی؟ لە وەڵامدا نەخێر، هیچ گرتەیەکی لەم جۆرەمان نییە.

**کاتێك خودای ڕەحمان خۆی هاوکێشەکان بەڕێوەدەبات**

بەڵام بە گوێرەی پێغەمبەرمان، لە زۆر جێگەی قورئان، خودای ڕەحمان ڕاستەخۆ دەبێتە پارێزەری (محامي) پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات)، هەندێ جار لەم قۆناغە زیاتریش دەڕوات، لۆ نموونە (بەبێ وێکچوواندن) دادگە و پارێزەرمانیش بینیوە، زۆر کەس کە مەسەلەیەکی دەبێت کێشەیەکی غەمبار و ناخۆش و بە ئازار لە ڕووی دەروونی، کاتێك دەچێتە لای پارێزەر و بەکرێی دەگرێت، پارێزەرەکە گوێ دەگرێت لە کابرای خاوەن کێشە، بەڵام وەك کێشە گوێی لۆ دەگرێت، وەك بابەتی کەسیی خۆی گوێی پێ نادات، واتە ناچێتە نێو قوڵایی کێشەی کابراکە، و لەگەڵ کێشەی کابرای بژیێت، پاشان کاتێك چووە ماڵ کابرای پارێزەر هەڵناستێت کێشەکە لەگەڵ خۆی بباتە نێو ماڵەوەی، هیچ پارێزەرێکی لەم جۆرەمان نەبینیوە، دەپرسین ئەی خودای ڕەحمان؟ (ولله المثل الأعلى)، لێرە خودای ڕەحمان کاتێك دەبێتە پارێزەر لۆ پێغەمبەرمان لە ناو کێشەکە بوونی هەیە، بەڵکو لە بنچینەدا پێغەمبەرمان چ ناڵەیەك (معانات) ببینێت وەك ئەوەیە کە خودای ڕەحمان هەمان ناڵەی بینیوە، جا لۆیە کۆمەڵە وشەیەك هەیە لە قورئان ئەوەی نەچێتە نێو ئەو کایەیەوە لێی تێناگات، لۆ نموونە: باسی ئازارەکانی دەکات، چی دەفەرموویت؟ (إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ)(الأحزاب57) باسی ئازاردانە، دەپرسین ئایا کەسێك هەیە بتوانێت خودای(ﷻ) ئازار بدات؟ لەوەڵامدا لەم ئایەتە پێمان دەڵێت بەڵێ، چۆن؟ ئەگەر ئازاری پێغەمبەرەکەیان دا وەك ئەوەیە کەوا ئازاری خودای ڕەحمانیان دابێت، ئەمە ڕوونە؟ (إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَاباً مُّهِيناً)(الأحزاب57)، خودا خۆی کردۆتە خاوەنی، (لَعَنَهُمُ اللَّهُ) باسی رسول ناکات، پاشان (فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَاباً مُّهِيناً) واتە تەنیا ئازاردانی پێغەمبەر دەبێتە هۆکار لۆ ئازاردانی خودای، کاتێکیش خودا(ﷻ) ئازار درا ماف دەداتە خۆی کەوا نەفرەت لە مرۆڤەکان بکات لە دونیاو لە ڕۆژیی دوایی، ئایا ئەمە هاتنی خودای ڕەحمان نییە لۆ نێو هاوکێشەکە؟ ئامادەبوونی خودای نییە بەر لە پێغەمبەریش؟ (بەبێ وێکچوواندن) خودای ڕەحمان(ﷻ) لە پێش پێغەمبەر ڕاوەستابێت و (بەبێ وێکچوواندن) هەر چ ئازارێکی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) بدرێت پێشتر بەر خودای دەکەوێت، ئینجا پاشان بەر پێغەمبەر دەکەوێت، لۆ زانین کە لێرە باسی ئازاردانی پێغەمبەر دەکات، باسی بەرگریکردن لە پێغەمبەر ناکات، نافەرموویت من بەرگری لە پێغەمبەر دەکەم، بەڵکو یەکسەر دەچێت یەخەی ئەوانە دەگرێت کەوا کرداریانە ئازاری پێغەمبەریان داوە، نەك تەنیا باسی ڕۆژیی دواییان بکات، بەڵکو باسی دونیاشیان دەکات، (إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا) خودای ڕەحمان(ﷻ) لە دونیا نەفرەتیان لێ دەکات، ئینجا پاشان لە ڕۆژیی دواییش.

**لە چ کاتێك ئازاردانێکی پڕ لە سوکایەتی دادەبەزێت؟**

جگە لە نەفرینەکە چی تریان لۆ هەیە؟ (وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَاباً مُّهِيناً)(الأحزاب57)، لەبەرچی وشەی (مُّهِيناً) لێرە بەکاردێنێت؟ لەبەرچی باسی (شديد) ناکات؟ چونکە ئازاردانەکەی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) لێرە دا دەروونییە، وشەی (أذية) ئازاردان لێرە لۆ ڕەهەندی دەروونیی زیاتر بەکارهێنراوە، واتە گەر یەکێك لە دەروونەوە ئازار بدەیت، بە قسەیەکی ناشیرین، یان بە جوولەیەکی دیاریکراو، نەك جەستەی ئازار بدەیت، ئازاردانی جەستە بە (عذاب) ناو دەبرێت، سەیر بکە کاتێك دەفەرموویت: (يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ) پاشان (عَذَاباً مُّهِيناً) واتە ئازاردانێکی پڕ لە سوکایەتی، دەرەنجامی هاوکێشەکە پەیوەیستە بە ئازاردانی (رسول الله)ی، کەواتە ئەوەی لە دونیا ئازاری پێغەمبەر بدات سەرەڕای ئەوەی لە دونیا تووشی نەفرین دەبێت، بەڵکو لە ڕۆژی دواییش دوچاری ئازاردانێك دەبێت کەوا ئازارەکە سوکایەتی پێکردنی تێدایە، چونکە خودای ڕەحمان دەربارەی ڕۆژیی دوایی هەندێك وشەی بەکارهێناوە وەك سەرشۆڕی و شەرمەزاربوون (خزي)، کۆمەڵێك وشەی لەم جۆرەی بەکارهێناوە دەربارەی ڕۆژی دوایی، لەمەوە دەردەکەوێت کەوا سەرەڕای ئازاردانی جەستەیی کە ئازاری لەگەڵە لێرە ئەزیەتدان (أذى)ش هەیە، ئەزیەتدانی دەروونی بەشێکە لە ئازاردانێکی دیاریکراو لە ڕەهەندی دەروونی کە خودای ڕەحمان دووچاری مرۆڤەکانی دەکاتەوە ئەگەر هاتوو ئازاری پێغەمبەریان دا، ڕەهەندێکی دی دیسان ڕەهەندی دەروونیی، وشەی گاڵتەپێکردن (إستهزاء)، وەك دەفەرموویت"(وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ)(التوبة65)، وشەی (إستهزاء) گاڵتەپێکردن بابەتێکی دەروونییە کە لە کۆمەڵێك دەربڕین و چەند وشە و جووڵەیەکی دیاریکراو، جا چ بە دەست یان بە دەمووچاو بە هۆیەوە بەرامبەرەکە پێی ڕادەگەیەنرێت کەوا تۆ کەمووکوڕیت هەیە لە فلانە شت، خەوشێکت هەیە لە فلانە شت، زۆرجار گاڵتە پێکردن بە ڕەوشتێك یان بە کۆمەڵێ هەڵوێستێك بە جەستەی مرۆڤ دەکرێت، جار هەیە بە زمانیش دەکرێت ئەم گاڵتەپێکردنە، جا لێرە خودای ڕەحمان باسی گاڵتەپێکردن دەکات کە دەفەرموویت"(وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ)(التوبة65)، واتە خودای ڕەحمان گاڵتەپێکردنی خۆی(ﷻ)ی و ئایاتەکانی پەیوەست کردووە بە گاڵتەپێکردنیان بە پەیامبەر(رسول)ەکەی، هەرکاتێك گاڵتە بە پەیامبەرەکەی کرا وەك ئەوە وایە کەوا گاڵتە کرابێت بە خودای ڕەحمان(ﷻ) و ئایاتەکانی، دیسان لەم حاڵەتەی بیهێننە بەرچاوتان کەوا خۆی

کردە پارێزەری ڕاستەخۆ لە پێش پێغەمبەری، خودای ڕەحمان(ﷻ) لە پێش پێغەمبەرە، ئەگەر هاتوو گاڵتە بە پێغەمبەرەکەی کرا وەك ئەوە وایە کەوا گاڵتە بە خودای ڕەحمان(ﷻ) کراوە، یان وەك ئەوە وایە گاڵتە بە ئایاتەکانی خەلقیی خودای کراوە.

**لە چ کاتێك خودای ڕەحمان بە پێغەمبەر دەفەرمووێت لۆمنیان لێگەڕێ؟**

شێوازێکی دی هەیە (پاك و بێگەردی بۆ خودای ڕەحمان) کە زۆر هەستیارە، ئەویش نموونەیەکتان لۆ دێنمەوە بە بێ وێکچوواندن، ڕاهێنەرێك لە زۆرانبازی بەرزترین نیشان و مەدالیا و جامی وەرگرتووە لە پاڵەوانێتییەکانی زۆرانبازیی، دێت و مەشق بە دوو مندال دەکات، کە تەمەنیان پێنج ساڵانە، لە ساتی مەشقپێکردنی ئەو منداڵانە جۆرێك خۆ بەزلزانی و فیز و لە خۆبایی بوونی هەیە، جا کە دێتە گۆڕەپانی زۆرانبازییەکە زۆر گاڵتە و بەکەم سەیرکردن بە بەرامبەرەکەی دەکات، زۆر بێ ڕێزیی دەکات بە بەرامبەرەکەی، تۆ چیت؟ تۆ بوونت نییە! تۆ بە بۆکزێك حەوت تەقلەت پێ لێدەدەم! بەم وشانە بەرامبەرەکەی خۆی دەشکێنێتەوە(أهانة)، ڕاهێنەری یاری تەماشا دەکات نەك هەر بەرامبەرەکەی خۆی شکاندەوە بەڵکو لە یاساکانی زۆرانبازی دەرچوو، وا پێویست بوو ئەم دوو منداڵە بە ماسولکە زۆرانبازی بکەن، نەك ئەوەی یەکەم کەسی دووەم بە کەم سەیر بکات و بیشکێنێتەوە (إهانة)، بوونیشی نەهێڵێت، جا ڕاهێنەرەکە دێت ئامۆژگاری کەسی یەکەم دەکات بەمەی کەوا زۆرانبازی یاسای خۆی و سیستمی خۆی هەیە، ڕێز و پایە لۆ بەرامبەرەکت دابنێیت، نابێت بیشکێنیتەوە، ئەو منداڵە زۆرانبازە دێت گاڵتە بە مامۆستا و ڕاهێنەری خۆشی دەکات، لەوانەیە بگاتە ئەو ئاستەی بەویش بڵێت تۆ چیت! بۆکسێك لەتۆ بدەم تۆش وا و وات لێ دەکەم! (حەوت تەقلەت پێ لێ دەدەم) لێرە ڕاهێنەرەکە چی دەڵێت؟ ڕاهێنەرەکە بە منداڵەکەی دووەم دەڵێت زەحمەت نەبێت وەرە ئەو لاوە، بزانم چۆن چۆنی تەقلەم پێ لێ دەدات؟ جا دەچێتە نێو گۆڕەپانی زۆرانبازییەکەوە، دەپرسین ئەو منداڵە پێنج ساڵییە بە کردەیی توانای هەیە زاڵ بێت بە سەر ئەو ڕاهێنەرە تەمەن گەورەیە؟ ڕاهێنەرەکە بە منداڵی دووەمی گووت زەحمەت نەبێ وەرە ئەو لاوە، لۆ منی جێ بهێلە، وشەی (ذرني) ئەوە ماناکەیەتی (بە بێ وێکچوواندن)، (فَذَرْنِي وَمَن يُكَذِّبُ بِهَذَا الْحَدِيثِ سَنَسْتَدْرِجُهُم مِّنْ حَيْثُ لَا يَعْلَمُونَ * وَأُمْلِي لَهُمْ إِنَّ كَيْدِي مَتِينٌ)(القلم44-45)، بەبێ وێکچوواندن بە پێغەمبەر(علیە السلام و البرکات) دەفەرمووێت تۆ لا چۆ گۆڕەپانەکە لۆ من جێبهێلە، با بێنە بەرامبەرە من! ئایا لە حەقیان دێین یان نا؟ ئەوە شێوازیی پەروەردگارییانەیە، لۆ؟ ئەم جۆرە ئایاتانە لەو کاتەی هاتۆتە خوارەوە کە پێغەمبەرمان(علیە السلام و البرکات) زۆر بە ناڵە بووە لەدەست (کافر و مشرك)ان، گەیشتۆتە حاڵەتێك وەك ئەوەی دەیەوێت هەست بکات کە بەرامبەرەکە دەیەوێت زاڵ بێت بەسەریدا، لۆ زانین لە ململانێی نێوان موسا(علیە السلام) لەگەڵ فیرعەون و دەست و پێوەندی فیرعەون لە لوتکە بوو بەڵام نەگەیشتە ئەو ئاستەی کە خودا وا بفەرمووێ، بە هەمان شێوە (ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيداً{11} وَجَعَلْتُ لَهُ مَالاً مَّمْدُوداً{12} وَبَنِينَ شُهُوداً{13} وَمَهَّدتُّ لَهُ تَمْهِيداً{14} ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ{15} كَلَّا إِنَّهُ كَانَ لِآيَاتِنَا عَنِيداً{16})(المدثر11-16) دیسان باسی ئایاتە، لەولاش هەر باسی ئایات بوو، خودا(ﷻ) دێتە گۆڕەپانێی ململانێیەکە لەگەڵ بەندەیەکی تاك و بێهێز، (ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيداً) کەیفی بە چ دێ؟ (وَجَعَلْتُ لَهُ مَالاً مَّمْدُوداً) سامانەکەی درێژبوونەوەی هەیە، (وَبَنِينَ شُهُوداً{13} وَمَهَّدتُّ لَهُ تَمْهِيداً{14} ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ{15} كَلَّا) پەروەردگاری جیهانییان لێرە دەیگرێت، (إِنَّهُ كَانَ لِآيَاتِنَا عَنِيداً)، ئایەتێکی دی لەسەر هەمان شێواز"( وَذَرْنِي وَالْمُكَذِّبِينَ أُولِي النَّعْمَةِ وَمَهِّلْهُمْ قَلِيلاً) چاریان چییە؟ (إِنَّ لَدَيْنَا أَنكَالاً وَجَحِيماً * وَطَعَاماً ذَا غُصَّةٍ وَعَذَاباً أَلِيماً)(المزمل11-13) ئەوە توانای خودایە(ﷻ) جا لۆیە تەماشا بکەن (رب العالمین) ڕاستەخۆ دێتە نێو مەیدان، و لە جێگەی پێغەمبەری(علیەالسلام و البرکات) خودای ڕەحمان خۆی بەرگەی ئەو واقیعە دەگرێت و بەرەنگاری دەبێتەوە، ئەو واقیعەی کە (مشرکین) دروستیان کردووە.

**کاتێك قەبوڵکردن و قەبوڵنەکردن دەبێتە پێوەر**

حاڵەتی دی هەیە، خودای ڕەحمان گفتوگۆ لەگەڵ گرۆی ئیمانداران دەکات، ئەوەش بەهێچ جۆرێك لە نێو پێغەمبەران و پەیامبەرانی تر بوونی نەبووە، ئەویش ئیمان پەیوەست دەکات بە قەبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی حوکمی پێغەمبەرمان، ئایەتێکی زۆر سەیرە، (رب العالمین) سوێند بە خۆی دەخوات، نموونەیەکتان لۆ بێنمەوە، (ئەم نموونانەی دەیهێنمەوە تەنیا لۆ نزیککردنەوەیە تاکو لە بابەتەکەی تێبگەن)، نموونەکەش" باوکێك بەبێ وێکچوواندن لەگەڵ کوڕەکەی خۆی قسان دەکات، (لەم نموونەیە باسی نەریت دەکەم پەیوەندی بە ئایین نییە، تا نەڵێن قسەکە بۆنی شرك ی لێ دێت، نموونەکە لە نێو واقیعە لۆ نزیککردنەوەی بابەتەکە لە تێگەیشتن)، باوکەکە لەگەڵ کوڕەکەی قسان دەکات، کوڕەکەش نکوڵیی دەکات، لە بابەتێکی دیاریکراو، باوکەکە چ دەڵێ؟ دەڵێت بەخودا کوڕم بەسەری باوکت بابەتەکە وا نییە، لەم حاڵەتانەتان بیستووە یان نا؟ باوکەکە خۆی قسان دەکات، واتە سوێند بە سەری خۆی دەخوات، لۆ؟ چونکە

دەزانێت پلە و پایەی باوکەکە خۆی لەلای منداڵەکەی چەندە، بەبێ وێکچوواندن (و لله المثل الأعلى) رب العالمين بەم شێوەیە سوێند دەخوات، گفتوگۆ لەگەڵ پێغەمبەرمانە(عليه‌السلام و البركات)، واتە (بەبێ وێکچوودان) رب العالمين هاتووە دەستی موبارەکی لەسەر شانی پێغەمبەر داناوە و گفتوگۆ لەگەڵ(عليه السلام و البركات) پێغەمبەری دەکات! بێننە بەرچاوتان پلەو پایەی پێغەمبەرمان چەندێکە؟ لۆیە دەفەرموویت"(فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ) ئینجا دیار ناکات(فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ) چییە، (ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجاً مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيماً)(النساء65) واتە ئایەتێکە ئەگەر چەند کاتژمێرێك لە خزمەتی ڕابوەستین مافی نادەین، دارشتنی وشەکان، گونجاندن (تنسيق)ی وشەکان، ئەندازەکاریی هەموو بابەتەکە، سەیری هێناوە رب العالمين، باسەکە باسی ئیمانە، (لا) لاء نافية للجنس، واتە هەر لە بنچینەدا ئیمان لا دەدات دەفەرموویت: (فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ) باسەکە باسی (مشاجرة)یە لێرە، ئەوەتا ئێمە گفتوگۆمان هەیە، (مجادلة)مان هەیە، هەروەها (مشاجرة)شمان هەیە، ئەوە"(فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ) کەی؟ (حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ)، (لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ) واتە لە ژوورەوەیان، نەك تەنیا تەمسیل و نمایش بکەن بە دەرەوەیان و سەرزارەکی بڵێن: (والله راست دەکەیت یا رسول الله! قسەکانت سەر سەر و سەر چاوم! تۆ تەواوی من هەڵەم!) ئەمانە ناخوات، چونکە دەفەرموویت: (ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجاً مِّمَّا قَضَيْتَ) نزمترین ئاستی بریتییە لە سێ و دووکردن لە ژوورەوە! پاشان: (وَيُسَلِّمُواْ) ئایا ئەوەندە بەسە؟ نەخێر بەڵکو (وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيماً)، سەدا سەد، واتە لە سەدا یەك(1%) بوونی هەبێت لە پێچەوانەی: (وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيماً)ەیە و خودای ڕەحمان قەبوڵی نییە، واتە بوونی ئیمانەکە ڕەت(نفي)ی دەکاتەوە، واتە ئەم لە سەدا یەکە جۆری ئەم ئیمانەی ناهێڵێت، ئەمە ڕێگەی مامەڵەکردنی خودای ڕەحمانە لەگەڵ پێغەمبەرەکەی.

**ڕازیبوون بە قەزاوەتکردنی خودا و پێغەمبەر چۆنییەتی پەیوەیستبوونیان بە یەکترییەوە**

پێغەمبەرمان شوێنگەیەکی دی هەیە پێغەمبەرمان(عليه السلام م البركات) ئەویش (قضاء)ە کە جیایە لەگەڵ (حُكم)، (وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ) ئایەتەکەی پێشوو چۆن بوو؟ لۆ دەفەرموویت"(فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ) لۆ زانین لێرە باسی تاکی ئیماندار دەکات، کە هاتە سەر باسی تاك دەبێت باسی (مؤمنة)ش بکات، (وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ)(الأحزاب36) ئا ئەم (م)ەی کۆتایی باسی هەردوکیانە، باسی خودا و پێغەمبەرە، (بێگومان قضاء لە واقیعی حاڵ دەکرێت)، دەربارەی دوو باس هەیە ئەوانیش (حکم و قضاء)، خودای ڕەحمان لە ڕەهەندی تەشریعی فەرمانی دابێتە پێغەمبەرمان کەوا دایبەزێنێتە سەر کۆمەڵێك، لۆ نموونە"(وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ)(الإسراء23) ئەمە حوکم نییە بەڵکو بریتییە لە قضاء، ڕێگەی تایبەتی خۆی هەیە لۆ دابەزاندنە سەر ئەرزی واقیع، بە هەمان شێوە (إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً) هەڵبەتە خودا خۆ لە ئاسمان (قضاء) ناکات ڕاستەخۆ بە وردەکارییەکانییەوە، یان بچێتە نێو وردەکارییەکانی ژیانی ئیماندارەکان، خودای ڕەحمان بەم شێوەیە ناکات، بەڵام ئەی کێ وا دەکات؟ بریکارێکی هەیە وا دەکات، جا لۆیە ئەو مافەی داوەتە بریکارەکەی ئەگەر بریکارەکە وای کرد وەك ئەوە وایە کە خودای ڕەحمان وای کردووە، لۆیە دەفەرموویت"( وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ) واتە ئەگەر پەیامبەر فەرمانێکی (قضى) کرد واتە الله(ﷻ) ئەو فەرمانەی (قضى) کردووە، لۆیە ئەگەر (رسول) ئەو فەرمانەی (قضى) کرد ئیمانداری پیاو نە ئیمانداری ئافرەت مافی ئەوەی نییە بژاردە بکات، واتە لێە مافی بژاردەی نییە، بەبێ وێکوواندن ئێستا پێغەمبەرمان تەشریفی لێرە هێنایە ژوورەوە، لێرە لە خزمەتی بووین، فەرمووی ئێستا ڕۆژە! دەبێ ئێم چی بڵێین؟ ئێمە مافی هەڵبژاردەمان نییە، بڵێین ئاخر ئێستا دونیا تاریکە و خۆر ئاوا بووە، ئێستا ڕەمەزانە و ئێمە پێش کەمێك بەربانگامان کردەوە! ئەوەتا نوێژی شێوان بووە و خەڵکی هەمووی لە تەراویحە! دەپرسم ئایا ئەو مافەمان هەیە؟ نەخێر، لۆ؟ چونکە ئەگەر خۆمان بە ئیماندار بزانین ئەوا ئەو مافەی نادەینە خۆمان، لۆ؟ دەڵێین ئەوە چاومانە لە بینینی واقیع هەڵە دەکات! بەڵام پێغەمبەر بە هەڵە داناچێت، بە هیچ جۆرێك پێغەمبەر هەڵە ناکات، ئێمە چاومان درۆی دەکات، هەستەکانمان درۆی دەکات و شتێکی سروشتییە، پێنوسێك لێرە لە ناو پەرداخێك دابنێم ئێستا نیشانتان بدەم پێنووسەکە شکاوە! چاومان وای دەبینێت وەك ئەوە وایە کە شکاوە! زۆر شتی لەم جۆرە هەیە، جا لۆیە ئەگەر باسەکە بووە ئیمان، ئێمە مافی هەڵبژاردەمان نییە لێرە، وەك دەفەرموویت"(أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ)، ئەگەر بەم شێوەیە نەبوو هەڵبژاردەمان دایێ، یەکسەر باسی بێ فەرمانیی (عصيان) دەکات وەك لە تەواکاریی ئایەتەکە دەفەرموویت: (وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْراً أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالاً مُّبِيناً)(الأحزاب36)، واتە ئەگەر هاتوو (قضاء)ی پێغەمبەر قەبوڵ نەکرا ئەو کاتە بێ فەرمانیی کردن (عصيان)ی پێغەمبەرە، کاتێکیش بێ فەرمانی پێغەمبەریش کرا (فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالاً مُّبِيناً) دێتە ئاراوە.

## ئاشنابوون بە فەزڵی خودای ڕەحمان لە ڕێی پێغەمبەرەکەیەوە دەبێ

لەمەش سەیرتر فەزڵ (فضل)ی پێغەمبەرمانە، کە خودای ڕەحمان(ﷻ) پەیوەستی خۆی کردووە، وەك دەزانین کەوا هەرچی فەزڵەکانی ماددی و نا ماددی هەیە هی خودا خۆیەتی(ﷻ)، هەموو (خلق)ەکە هی ئەوە، هەموو (جعل)ەکە هی ئەوە، ئەی (فەضل)ی پێغەمبەرمان چییە؟ دەفەرمووێت: (يَحْلِفُونَ بِاللهِ مَا قَالُواْ) ئەی چیان گووت؟ (وَلَقَدْ قَالُواْ كَلِمَةَ الْكُفْرِ وَكَفَرُواْ بَعْدَ إِسْلاَمِهِمْ) ئاگادار بن ناڵێت: (بعد أيمانهم) بەڵکو (وَكَفَرُواْ بَعْدَ إِسْلاَمِهِمْ) (وَهَمُّواْ بِمَا لَمْ يَنَالُواْ وَمَا نَقَمُواْ إِلاَّ أَنْ أَغْنَاهُمُ اللهُ وَرَسُولُهُ مِن فَضْلِهِ فَإِن يَتُوبُواْ يَكُ خَيْراً لَّهُمْ وَإِن يَتَوَلَّوْا يُعَذِّبْهُمُ اللهُ عَذَاباً أَلِيماً فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمَا لَهُمْ فِي الأَرْضِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ نَصِيرٍ)(التوبة74)، خودای ڕەحمان چاوی پێ داون، قاچی پێداون، فڵان و فڵان...، هەموو شتەکانی پێداون، زەوی و ئاسمان و ئەمانە هەمووی فەضلی خودان، باشە ئەی لەبەرچی باسی پێغەمبەریش دەکرێت؟

## فەزڵی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بە مرۆڤبوون ئاشکرا دەبێت

لەبەرئەوەی ئەو ئامێرانەی خودای ڕەحمان داویەتی بە ئێمە بە خەلق ئەو پێغەمبەرە پێی گووتووینە باشترین ڕێگەی بەکارهێنانی بەم شێوەیە، کەواتە فەضلی پێغەمبەرمان لە فێرکردنییتی لۆ چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو فەزڵانەیە، کەواتە ئەگەر بەم شێوەیە مامەڵەمان کرد لەگەڵ ئامێرەکەی، ئەوا جگە لەوەی مافی پێغەمبەرمان داوە ئەوا مافی خوداشمان بە جێ گەیاندووە، بەبێ وێکچوواندن لۆ نموونە: کۆمپیوتەرێك کە کارگەیەك دروستی کردووە، بە سیستمێکی دیاریکراو ئەم کۆمپیوتەرە کاردەکات، لە فڵانە شوێن دادەگیرسێت، لە فڵانە شوێن دەکوژێتەوە، ئیشەکانی بەم شێوەیە، فڵانە سیستمی لەسەرە بە وردەکارییەوە، کەتەلۆکێکی گەورەی لەگەڵدایە، ئەگەر ئەم ئامێرەمان لەژێر دەستی منداڵێك دانا، ئایا کۆمپیوتەرەکەی لەگەڵ شتێکی دی لێك جیا دەکاتەوە؟ لەوانەیە بیداتە بەر چەکوشان! لۆ زانین باوکی منداڵەکە فەضلی لەسەر ئەو منداڵەی کردووە کە ئەمەی پێ داوە، بەڵام لەبەرئەوەی منداڵەکە پایەی فەضلی ئەو بابەتەی نەزانی، هەڵسا بەخراپی سوودی لە ئامێرەکە بینی، هەروەها بە خراپ بەکاریهێنا، کاتێك بە خراپی بەکاریهێنا، بە خراپیش سودی لێ بینی، کەواتە ئەوەی پێیدرا بە بەخشش و پێدان، ئەو هەڵسا ستەمی لە خۆی و لە شتەکەش کرد. مرۆڤایەتی ئەمڕۆ هەمووی لەم دۆخە دا دەژیێت، خودای ڕەحمان بڕێکی ئەوەندە زۆری فەضل لەگەڵیان کردووە کە بە هیچ شێوەیەك هەژمار ناکرێت و ناژمێردرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی چاوی پێغەمبەر و بە تێڕوانینی پێغەمبەرییانە (الرؤية نبوية) تەماشای فەضلی خودای ناکەن، لۆیە هەر لە بنەڕەتدا قازانجیان لەم فەضڵانە نەبینیوە، جا لۆیە نەك سودیان لێ بینیبێت، بەڵکو بۆتە هۆکاری ئێش و ناڵەیان، باشە دەپرسین ئەگەر هاتوو مرۆڤەکان بە چاوی پێغەمبەر تەماشای فەضلەکانیان کرد؟ ئەو کاتە بە کردارییانە هەست دەکەن ئەوەی کە خودای ڕەحمان پێیانی داوە چ بەهایەکی هەیە، و چ ڕێز و پایەیەکی هەیە، و چەندێکیش لە بەرژەوەندی مرۆڤە ئەگەر بە باشی هەڵبژێردرا و سودی لێبینرا، لۆیە ئەو کاتە مرۆڤەکان دەزانن پایەی پێغەمبەر چەندە، کەواتە زیندوویەتی و ڕاستەقینەیی دابەزاندنی ئەو فەضلەی لە واقیع هۆکارەکەی پێغەمبەرمانە(علیه السلام و البرکات)، لەبەرئەوەیە کە خودای ڕەحمان(ﷻ) لێرەدا باسی فەضلی خۆی دەکات بەهرەمەندبوون بە فەضلی خۆی بە هۆی پێغەمبەرمانەوەیە، لۆیە ئێمە نازانین پایەی چاو چەندە، تاکو بە چاوی پێغەمبەرەوە تەماشای چاو نەکەین، پایەی (کاتیش) نازانین تاکو بە چاوی پێغەمبەرەوە تەماشای کات نەکەین، پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) هەڵسەنگاندنی تایبەتی هەیە لۆ باڵندە و لۆ ئاژەڵ و لۆ زەوی و لۆ ئاسمان و لۆ چیا و هەوا و تەنانەت پایەیەکی تایبەتی دەدات بە دوژمنی خۆی، کەواتە سەرلەنوێ بەرنامەڕێژکردنەوەی فەضلەکان دەبێ پێغەمبەر بیکات و ئیماندارانیش لە پێغەمبەرییەوە وەریبگرن، پێغەمبەرمان مافی ڕاستەقینانەی داوە بە فەضلەکانی خودای، واتە پێغەمبەرمان فەضلەکانی خودای بەرجەستە کردووە و خستوویەتییە ڕوو بە شێوە ڕاستەقینانەییەکەی، ئەگەرنا مرۆڤەکە فەضلی خودای لەلایە بەڵام نازانێت چۆن چۆنی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، لۆیە ستەم لەو فەضلەی دەکات، کێ هۆکارە لۆ ئەوەی ڕاستەقینەیی و مافگەلی ئەو فەضلەی ئاشکرا بکات؟ تەنیا پێغەمبەرمانە، کەواتە هەرکاتێك مرۆڤایەتی توانی بە چاوی فەضلی پێغەمبەر تەماشای فەضلی خودای بکات بەکردەییانە توانیویەتی مافی خودای بدات، لۆیە پێغەمبەرمانە کە نێوەندگیرییە لۆ فەضلی خودای ڕەحمان(ﷻ) و لەگەڵ (إغناء) ی خودای دەکات، ئەو کاتە بە کردارییانە مرۆڤ هەست بەوە دەکات کەوا خودای ڕەحمان هەڵساوە بە بەهرەمەند(إغناء) کردنی.

## ئاشنابوونی یاران بە پایداریی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)

ئایەتێکی دی هەیە باسی فەضلی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەکات"(وَقَالُواْ حَسْبُنَا اللهُ سَيُؤْتِينَا اللهُ مِن فَضْلِهِ وَرَسُولُهُ إِنَّا إِلَى اللهِ رَاغِبُونَ)(التوبة59) لۆیە تەماشای یارانی پایەدار بکەن بەر لە ئیمانهێنانیان چۆن بوون؟ ئەگەر تاك تاك وەریان بگریت، لەوانەیە لە بنەڕەتدا خۆیان بە مرۆڤ هەژمار نەکردبێت، بەڵام دوای ئەوەی پێغەمبەرمان دووبارە

بەرنامەڕێژی دید و تێڕوانینیانی لۆ کردنەوە، کاتێك تەماشای خۆیان و دەورووبەری خۆیان کرد، ئەوکاتە زانییان چین و لە کوێن؟ جا لۆیە پایەی پێغەمبەرایەتی(النبوة) پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) یاران زیاتر دەیزانن و دەیناسن، هەر لۆیە پێغەمبەر پایەی لۆ داناون، کاتێکیش فەرموویەتی (خیر القرون قرني ثم الذین یلونهم) واتە هەستی کردووە کە کرداریانە یاران (ثم الذین یلونهم) و شوێنکەوتووان و شوێنکەوتەی شوێنکەووتووان (تابع التابعین)، ئەوانە بە کردەیی و زیاتر پێغەمبەریان ناسیوە(علیه السلام و البرکات).

## دایکانی ئیمانداران چۆن بوون بە (محسنات)؟

بێینە لای تایبەتییەکی تایبەتی پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات)، ئەویش پەیوەندی دایکانی ئیمانداران لە خزمەت ئەودا(علیه السلام و البرکات)، ئەوەی زانراوە کە دەڵێن پێغەمبەر (نۆ) یان (13) ژنی هەبووە. دەروونی مرۆڤ دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر کۆمەڵێك شت، بەڵام لە بەشێکیش ناتوانێت زاڵ بێت بەسەریاندا، لە ئایەتێکدا دەفەرموێت"(وَإِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الْآخِرَةَ فَإِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنكُنَّ أَجْراً عَظِيماً)(الأحزاب29)، ئەگەر لە دواوەی ئیەتەکەوە پێدابچینەوە، وشەی (المُحْسِنَاتِ)ی بەکارهێناوە، ناڵێت ئیمانداران، لۆ؟ (مُحْسِنَاتِ) دەبێ ببەسترێتەوە بە خوداوە وەك لە فەرموودەکە هاتووە(سأله و ما الأحسان؟) پێغەمبەرمان فریشتەکانی بینیوە، و هەروەها یارانیش بینیویانە، بەڵام (جن)ی نەبینیوە، باسەکە باسی ویست (أرادة)یە (تُرِدْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ) (فَإِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنكُنَّ أَجْراً عَظِيماً)، ئەگەر لێرە (محسن) بەگوێرەی فەرموودەکەی پێغەمبەر ڕاڤە بکەین ئەوا (محسن) ئەوەیە کە خودای ببینێت لە ساتی پەرستشیدا، (فإن لم تکن تراه فإنه یراك)، دەپرسین ئەی بابەتی پێغەمبەرمان چییە لێرە؟ واتە لە ژوورەوەیان ویستی ناوەوەیان لۆ پێغەمبەر لە چ ئاستێك بووبێت، ڕێژەکەی چەند بووبێت و جۆری چەند بووبێت؟ وەك ئەوەی بەهەمان ئەو ڕێژەیە پەیوەندییان لەگەڵ خودای ڕەحمان کانگەیی(صمیمي) و لە ناخەوەیە، کەواتە ڕێژەی نزیکیی ئیمانداران لۆ پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) بە ناوەوەیان و لە ژوورەوەیان بە پێی ویست پلەیە لۆ نزیکییان لە خودای ڕەحمان وەکو پەرستش، لۆیە دەفەرموێت"(وَإِن كُنتُنَّ تُرِدْنَ اللَّهَ) واتە بتوانن ئەوان جووڵە بە وزەی ناوەوەی مرۆیی بکەن، ویست(إرادة) وزەیەکە لە ژوورەوەی مرۆڤ کە مرۆڤەکە دەتوانێت کۆنترۆلی لۆ دابنێت تا بە چ ئاڕاستەیەك دا بیبات، ئەوان بتوانن هەموو وزەکە جووڵە پێبکەن بە ئاڕاستەی خودی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)، لەبەرئەوەی پێغەمبەر ڕەنگدانەوەی کۆی ویستی خودای ڕەحمانە، کاتێك ئەوان لەگەڵ پێغەمبەر وایان کرد وەك ئەوە وایە کەوا لەگەڵ خودای ڕەحمانیان ئەنجامداوە، هەر لۆیە خودای ڕەحمان لێرە وشەی (مُحْسِنَاتِ)ی بەکارهێناوە، کەواتە ڕێژەی ویستی ئەوان کاتێك دەیجووڵێننەوە بەرەو پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) هەر هەمان ڕێژەیە بەرەو خودای ڕەحمان(ﷻ)، لۆیە وشەی (مُحْسِنَاتِ) (فَإِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنكُنَّ) واتە مەرج نییە هەموویان (مُحْسِنَات) بن، لۆ؟ چونکە پێوەرەکە ئەوەیە کە ئایا هەریەکەیان تا چ ئاستێك ویستی ناوەوەیان جووڵە پێ دەکەن بەرەو پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)، چەند ڕێژەکەی زیاتر بوو لە ئاستێکی دیاریکراودا دەبێتە (محسن)، ئەوەتا وەك دەبێتە موسڵمان(مسلم) ئیماندار(مؤمن) چاکەکار(محسن)، وەك لە فەرموودەکە هاتووە (سأله عن الإسلام... سأله عن الأیمان... سأله عن الاحسان...) وەك دەردەکەوێت جبریل(علیه السلام) بە سێ پلە تێیپەڕاند، (لِلْمُحْسِنَاتِ مِنكُنَّ) لەوانەیە هەموویان بەم جۆرە نەبن و بە کردارییانەش هەموویان بەم جۆرە نەبوونە، کەواتە ویستی ناوەویا لۆ پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) و جووڵە پێکردنی ئا ئەو ویستە (إرادة) بەو قوڵاییەی کە پێویستە، دەبێتە هۆکارێك لۆ (إحسان)یان بەرامبەر خودای ڕەحمان.

## (قنوت)بردن لە دوای خودای ڕەحمان ئایا ئاڕاستەی کێ دەکرێت؟

ئایەتێکی تر هەیە کە زۆر سەیرە، ئەویش بریتییە لە (قنوت)، وشەی (قنوت) لە نێو قورئاندا تەنیا لۆ خودای ڕەحمان هاتووە، کە ئەویش وزەیەکی ناوەوەیە کاتێك مرۆڤ بە تەنیا دەبێت جۆرە نزا و پاڕانەوەیەك دەکات لە ژووریی خۆی تەنیا ئاڕاستەی خودای ڕەحمان دەکرێت، تەنیا لەگەڵ خودای دەکرێت، لۆ زانین ئایەتەکە چی دەفەرموێت"(وَمَن يَقْنُتْ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِ وَتَعْمَلْ صَالِحاً نُّؤْتِهَا أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ وَأَعْتَدْنَا لَهَا رِزْقاً كَرِيماً)(الأحزاب31) دیسان قسەکە ئاڕاستە کراوە لۆ دایکەکانی ئیمانداران، (وَمَن يَقْنُتْ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِ وَتَعْمَلْ صَالِحاً)، وشەی (قنوت) لە قورئاندا تەنیا لۆ خودا هاتووە، هەروەها (عَسَى رَبُّهُ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُ أَزْوَاجاً خَيْراً مِّنكُنَّ مُسْلِمَاتٍ مُّؤْمِنَاتٍ قَانِتَاتٍ تَائِبَاتٍ عَابِدَاتٍ سَائِحَاتٍ ثَيِّبَاتٍ وَأَبْكَاراً)(التحریم5) دیسان (قانت) لۆ پێغەمبەرە، ئەو هەستە تایبەتەی کە دایکانی ئیمانداران لۆ پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەریببڕن وەك ئەوە وایە کەوا لۆ خودای دەردەبڕن.

پرسیار: ئەگەر ناوەوەو دەرەوەی مرۆڤێك یەك نەبێت بەڵام لە ڕێگەی (إحسان)ەوە کەسەکە (محسنة)یە بەڵام بە کردەوە هەنگاوی لۆ نەهاویشتووە، ئایا ئەوە دەبێتە بابەتی کەموکوڕیی (تقصیر)بوون لە کەسەکە؟

وەڵام: ئەگەر تێبینی ئایەتەکە بکەین دەفەرموویت"(وَمَن يَقْنُتْ مِنكُنَّ لِلَّهِ وَرَسُولِهِ وَتَعْمَلْ صَالِحاً نُّؤْتِهَا أَجْرَهَا مَرَّتَيْنِ وَأَعْتَدْنَا لَهَا رِزْقاً كَرِيماً)(الأحزاب31)، وەك ئەوەی مانا و چەمکی (قنوت) ئەمەی هەموو بدە لایەك چی لێ دێت (ومن تؤمن بالله و تعمل صالحا) بەم جۆرەی لێ دێت، ئێمە بڕواو تێگەیشتنمان بەم جۆرەیە کەوا هەموو کردارێك لە ژوورەوەی مرۆڤ ئەنجام دەدرێت، بە مانایەکی دی کرداری مرۆڤ لە ناوەوەی مرۆڤەکە ئەنجام دەدرێت، مرۆڤ بە ژوورەوەی ئەو کارەی دەکات، بەڵام ئەندامەکانی جەستەی ئەگەر پێیان کرا دەیهێنێتە واقیع، ئەمە ئەگەر لۆی بلوێت، واتە لە ژوورەەوەی کردارەکەی کردووە، ئەگەر دایبەزاندە سەر واقیع ئەوا یەك بە دەیە، لۆیە دەفەرموویت"(إنما الأعمال بالنيات)، پاشان هەنگاوەکان دادەبەزێنرێتە واقیع، لۆیە لە فەرموودەی ڕاستەوە هاتووە کە ئەگەر نییەتی هێنا بە ئەنجامدانی کارێك ئەوا لۆی دەنوسرێت بە کارێکی چاکە تاکو (700) تاکو بێ کۆتایی.

**کۆنگرە ئەسمانییەکە تاوتویی چی کرد و بڕیاری چی لێدرا**

**ودان بە چی نرا و کێ بوو بە گەواهیدەر لەسەری؟**

لە مانای چەمکی (نبوة) ئەوەیە"(لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ)(البقرة285) ئەگەر بە کردارییانە پایەی (مقام الرسالة و النبوة)مان دا بە هەموویان، کە خودای ڕەحمان خۆی ئەو پایەیەی پێداون، وا بزانم لەم حاڵەتە (إفراط و تفريط)مان نەکردووە، بەڵام ئەوەش وا ناکات کەوا کردارییانە بە دانپێنانەکان خودی خۆیان لە نێو قورئان داننەنێین بە مەقامی پێغەمبەر، کێشەی ئوممەتی ئێمە ئەوەبووە کەوا خۆشەویستی لۆ پێغەمبەری لە بواری خودە (باب الذات)ە، ئەوەیە بۆتە هۆی کێشە لەلای من، لە باسی (ود و سواع و نصر) ئەوانە خۆشەویستی خودەکان (ذوات) بووینە، کێشەی (بني إسرائيل) لەگەڵ موسا و عیسا و لەگەڵ یوسف ئەم شتە بووە، تەنانەت نەتەوەی ئێمەش(موسڵمانان) هەمان کێشە و (إبتلاء)ە، گوایا حەزرەتی یوسف زۆر جوان بووە! کەچی لۆ زانین ئەمە وا نییە، لە هیچ جێگەیەك لە قورئاندا باسی جوانی پێغەمبەر یوسف ناکات! هەمان شت دایدەبەزێنینە سەر پێغەمبەرمان، کە ئەمە جێگەی تێبینییە! دەبێ ئێمە دوو شت لە یەکتر جیا بکەینەوە ئەویش لە نێوان خود و کەس واتە (ذات و شخص)، بەڵێ خود (ذات)ی پێغەمبەرمان جوانی لە لوتکە بووە، بەڵام ئایا ئەوە مەبەستەکە بووە! جا لۆیە بە (شخصانییەتی) بەکەسایەتیکردنانەی پێغەمبەری ئەوەیە کە خودای ڕەحمان لە قورئان پایەی پێ داوە، لەگەڵ کەسایەتی (شخصانییەتی) پێغەمبەری دی جیاوازی هەیە، لۆیە لەبەرئەوەی کەسانێك کێشەی لۆ دروست نەبێت، بەر لەسێ وانە باسی هەموو پێغەمبەرانم کرد وەکو فایلات، (بەبێ وێکچوواندن) پەیامەکانیان بکەین بە فایلات و (أجندة)، ئەمانە هەموویان لە کۆنگرەیەکی دیاریکراو، بەر لەوەی ئادەم خەلق بکرێت ئەم کۆنگرەیە بەستراوە، پێغەمبەران (أنبياء) هەموویان فایلاتیان لە بن هەنگڵیانە، وەستاون، تاکو پێغەمبەرمان دێتە کۆنگرەکە، پاشان هەموو دادەنیشن، پێغەمبەرمان هەر وەکو ڕابەرێك ڕاوەستاوە لەسەر پێ، ئینجا خودای ڕەحمان قسە ئاڕاستە دەکات"(وَإِذْ أَخَذَ اللهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّيْنَ) لۆ ئەوانە شارەزان لە زمانی عەرەبی لێرەدا ناڵێت(أنبياء) بەڵکو دەفەرموویت"(النَّبِيِّيْنَ) (وَإِذْ أَخَذَ اللهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّيْنَ لَمَا آتَيْتُكُم مِّن كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءكُمْ رَسُولٌ مُّصَدِّقٌ لِّمَا مَعَكُمْ) ئێوە دەبێ چی بکەن (لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنصُرُنَّهُ) وشەی سەرخستن (نصرة) ئەوە جگە لەوەی کە دەبێ هەموو پێغەمبەران ئیمان بە پێغەمبەری ئێمە بهێنن، واتە گشتیان وهەر هەموویان، کەواتە ئەوان دەبن بە شوێنکەوتەی ئەو پێغەمبەرە(عليه السلام و البركات)، لۆیە لە فەرموودەکە فەرمووی کاتێك بینی پێشەوا عومەر پارەچەیەکی لە دەستە تەوڕاتی تێدا نووسراوە، دەمووچاوی سوور هەڵگەڕاو فەرمووی (و الله لو كان موسى بين أظهركم ماوسعه الا أن يتبعني) کەواتە موساش شوێنکەوتەی پێغەمبەرمانە(عليه السلام و البركات)، لۆ؟ چونکە ئیمانی پێی هێناوە، (وَلَتَنصُرُنَّهُ) نەك تەنیا ئیمانیان هێناو بەس بەڵکو دەبێ ببنە سەرباز لەبەردەمی، و بە گوێرەی ڕێنماییەکانی ئەو پێغەمبەرە دەستنیشانکراوە بە تایبەتی جووڵە بکەن، خودای ڕەحمان خۆی سەرپەرشتی کۆنگرەکە دەکات فەرمووی: (قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَى ذَلِكُمْ إِصْرِي)، ئەوەتا لە دادگا دەڵێت لە تەقریری دا، ئەوە خودای ڕەحمانە دەفەرموویت: (لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنصُرُنَّهُ قَالَ أَأَقْرَرْتُمْ وَأَخَذْتُمْ عَلَى ذَلِكُمْ إِصْرِي قَالُواْ أَقْرَرْنَا) بە دە پەنجە! چی فەرموو؟ (قَالَ فَاشْهَدُواْ وَأَنَاْ مَعَكُم مِّنَ الشَّاهِدِينَ)(آل عمران81) لەو کۆنگرەیە بە کردارییانە هەمو پێغەمبەران هەموو فایلاتی خۆیان دایە دەستی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات)، و هەموویان کشانەوە.

**پێغەمبەرایەتی و پەیامبەرایەتیکردن لە دوای کۆنگرە ئاسامانییەکە بەرەو کوێ؟**

هیچ پێغەمبەرێك ئێستا مافی پیادەکردن (ممارسة)ی پێغەمبەرایەتی و پەیامبەرایەتیکردنی (نبوة و رسالة)تی خۆی نییە، هەر بەگوێرەی ئەم ئایەتە ئەم مافەیان نەماوە، جێگرەوەی وان پێغەمبەری ئێمەیە، دەبێ پێغەمبەرمان بەهرەمەند (تمتع) بکات بە هەموو صیفاتی (نبوة و رسالة)تی ئەم هەموو پێغەمبەرانە، لۆیە بەر لە سێ چاوپێکەوتن گوتم، دەبێ

پێغەمبەرمان بە قەد موسا دەروونی جوولەکە بناسێت، (وَقُل لَّهُمْ فِي أَنفُسِهِمْ قَوْلاً بَلِيغاً)(النساء63)، ئەگەر هێندەی موسا دەروونی بني ئیسرائیل نەناسێت ناتوانێت پێیان ڕابگەیەنێت(تبليغ) و لۆیان ڕوونبکاتەوە (بيان)، تەنانەت دواتریش ببێتە (شهيد) لەسەریان، (يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِداً وَمُبَشِّراً وَنَذِيراً * وَدَاعِياً إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجاً مُّنِيراً)(الأحزاب46)، پێغەمبەرمان دەبێ ئەوانە هەموو کە ئەم پێنج وەسفەی هاتووە لەسەر جوولەکە جێبەجێ بکات، هەروەها لەسەر (صابئة) و زەردەشتییەکانیش پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) جێبەجێیان بکات، ئەوانە هەموویان بە میرات لۆ پێغەمبەرمان ماونەتەوە، کەواتە فایلاتەکان هەمووی لەلای پێغەمبەرمانە، ئەمە وەکو پەیامەکان، ئەی فایلی (نبوة)؟ دەبێ هێندەی هەموو پێغەمبەرانیش وەکو جێبەجێکردنی پەیامەکە لۆ واقیع، دەبێ پێغەمبەرمان لەلای هەبێت، وەك لە فەرموودەیەك هاتووە کاتێك کەسانێکی خاوەن شێوەزارێکی تایبەت دێنە خزمەتی ئەویش وەك شێوەزاری ئەوان وەڵامیان دەداتەوە ( لَيْسَ مِنَ امْبِرِّ امْصِيَامُ فِى امْسَفَرِ)(مسند كعب بن عاصم الأشعري)، ئەوەتا پێغەمبەرمان هەروەکو ئەو کەسە قسان دەکات، ئەگەر لۆ نوێنەری هۆزێك بەم جۆرە قسان بکات، ئەی لۆ جوولەکە و نەتەوەکانی دی دەبێ چۆن چۆنی بێت؟ کەواتە پایە (مقام)ی پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) بە قەد پایەی هەموویانە، ئەمەش هەمووی بە گوێرە ئایاتەکان و فەرموودەکان، بەڵام کاتێك پێغەمبەرکان دێن بەڵێ ئێمە ئیمانمان پێیان هەیە، بەڵام بەگوێرە دید و تێڕوانینی پێغەمبەرانەیی(نبوي) پێغەمبەر(عليه السلام و البركات)، واتە ئێمە لۆمان نییە بە شوێن پێغەمبەر ئیبراهیم بکەوین، چونکە خودای ڕەحمان بە پێغەمبەرمان دەفەرمێ: (قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِي إِبْرَاهِيمَ وَالَّذِينَ مَعَهُ)(الممتحنة4)، ئەی چی بە ئێمە دەفەرموێت"(لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ)(الأحزاب21)، کەواتە لۆ من نییە من وەکو موسا بکەم! یان شوێنکەوتەی موسا بکەن، هەر لە قورئان، ئەم مافەم نییە، ئەو مافەم نییە شێونکەوتەی زەکەریا بکەم وەکو پێغەمبەرێك، هەر لە خودی قورئان، بەڵکو دبێ من تەماشای پێغەمبەرمان بکەم ئەو تا چەندە سوودی لە پێغەمبەر زەکەریا (عليه السلام) وەرگرتووە، ئینجا دەبێ منیش لە پشت پێغەمبەرەوە سوود لە پێغەمبەر (زەکەریا)(عليهم السلام) ببینیم، ئەمەیە چەمکی ئیمانهێنان بە پێغەمبەرکان(عليهم السلام)، لۆیە زانایانمان فەرموویانە (شرع من قبلنا ليس بشرع لنا الا ما أقره شارع)، ڕۆژووی زەکەریا، ئێستا لە نێو هەولێرییان جۆرە بە ڕۆژووبوونێك هەیە، سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبن قسە ناکەن، ناویان ناوە ڕۆژووی زەکەریا، ئەمە ڕیگەپێدراو(جائز) نییە، لە سەردەمی خۆی پێغەمبەر زەکەریا بەم جۆرە بە ڕۆژوو بووە، بەڵام ئایا پێغەمبەرمان بەم شێوەیە ڕۆژووی گرتووە؟ لە وەڵامدا نەخێر، کەواتە ئەمە ڕێپێدراو) نییە، شوێنکەوتەی زەکەریا دەکەین لە پشت پێغەمبەرمان، پێغەمبەرمان مافی ئەوەی هەیە لە پێغەمبەران (عیسا و موسا و زەکەریا) وەربگرێت، بەڵام ئێمە ئەو مافەمان نییە، جا هەر لۆیە ئێمە ئەو مافەمان نییە وەکو پێغەمبەر ئیبراهیم بچین سەنەمەکان بشکێنین، یان لەچاو هەر پێغەمبەرێکی دی بکەینەوە.